

# دەروازەیەك بۆ موزیكی ڕووسی

زۆزک قەرەداغی

موزیكی رووسی شێوازێكی داهێنان بوو له كۆتایی سەردەمی رۆمانتیكدا سەریهەڵدا، بەشێوەیەكی بەرچاو رەوتی موزیك دانان و فۆرمەكانی ئۆركێسترای سیمفۆنیی گۆڕیی، بە ستایلێك بەدەر لە درێژكردنەوەی رەوتی موزیكی سەدەكانی پێش خۆی، واتا داهێنانێكی راستەوخۆی موزیسیانانی رووسیا بوو، بۆ رزگار بوون لە﴿ دوبارەبوونەوەی هارمۆنی دەقاو دەق، فەزا و مۆركی موزیكی ئەڵەمان و فەرەنسا ﴾ .

سەرەڕای ئەوەی داهێنەرانی ئەم شێوازە بەشێكی گرنگن لە رەوتی بەرەوپێشچوونی سەدەی رۆمانتیك، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر و رەخنەگرانی موزیك لەسەرچاوە تیۆریی و مێژووییەكانیاندا موزیكی رووسیی بە قۆناغێكی جیاواز و سەربەخۆ باسدەكەن .

لەبنەڕەتدا سەرچاوەی ئەم موزیكە گۆرانیی رووسیە كەڕەگێكی سلاڤیی پێوە دیارە، هەوێنی دروست بوونی پێكهاتووە لە هونەرەكانی فینلەندی و قەفقازیی و مەنگولی و تەتەری . موزیكی رووسی بەهۆی گۆرانی و سرودی كەنیسەی بێزەنتینیەوە كەوتە قاڵبی یەكبوون، لە ئەنجامی ئەم گۆرانكاریانەدا دیاردەی چاكسازیی موزیك هاتە ناوەوە لە پێناو بەرەوپێشخستنی ئەو شێوازە نوێیە، وەكو ئاوانوسی نۆتی موزیك و گۆرانیە كەلەپوریەكان و رزگاركردنی لە فەوتان، كەئەمە بووە بناغەیەكی پشت ئەستور بۆ كاركردنیان لەداهاتوودا و بەجۆرێك موزیكی رەسەنی رووسیی مۆركی خۆی وون نەكات و تایبەت مەندیەكانی بۆ ئەوروپا دەربخات. ئەمە هۆكارێك بوو بۆ پێشبڕكێی موزیسیانانی رووسیا لە بنیاتنان و داهێنان . دانەری رووسی بۆرتنیانیسكی Bortnyanski ( 1751– 1825) لە گرنگیەكی زۆریدا بە كۆكردنەوەی گۆرانیی فۆلكلۆریی جیاواز لەوانەی پێشوو كە هەمیشە ئاوازە غەمگین و خەماویەكانیان و تراژیدیەكان ئاڕاستەیەكی بەردەوامی لەناو گوێچكەی خەڵكیدا چەسپاندبوو،

هونەرمەند بۆرتنیانیسکی هەوڵیدا پێچەوانەی ئەو ئاوازە خەماویانە بدۆزێتەوە کە لەناو موزیکی رووسیدا هەبوون و لەکۆنەوە وەلانراون لەبیری جەماوەردا نەماون .

ئامێری بالا لایکا Balalaika هاتە ناوەوەو ئامێری باندورا Bandora کە ئامێرێکی کۆنی ڕووسی بوو بەرەو نەمان چوو . هەروەها ئامێری ئەکوردیونیش هاتە کایەوە و گورو تینێکی تریدا بە گورانی رووسی، هەروەك ئەوانەی ناوەراستی ئەوروپا، ئەم ئامێرە یەکانگیربوو لەگەڵ هەڵپەرکێ و سەمای میللی و ڕەسەن لە سەدەی نوزدە هەمداو شادی و خوشیی لێدەکەوتەوە .

لە هەمان کاتدا ئامێرە فودارە مسیەکان لە رووسیادا داهێنانی بەرزی تیاهاتە کایەوە، رەنگە بپرسین و بڵێن کە ئەم ئامێرانە لە سەردەمەکانی کلاسیك و رۆمانتیکیشدا رۆڵ و گرنگیی خۆی هەبووە، بەلام موزیسیانانی رووسیا ویستیان شێوەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە هەواییانە بگۆڕن و هەر بریتیی نەبێت لە ئامێرێك بۆ پڕکردنەوەو هاوشانیی کردنی ئامێرە ژێدارە کەوانەییەکان بەڵکو توانیان ئامێرێکی وەکو (فرەنج هۆڕن) ژمارەکەی هەشت دانەبێت لەناو ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا کە لەپێشتردا لە چوار دانە تێپەڕی نەدەکرد، بەم داهێنانەش دەنگیکی ئاوێتەو ڕەگێکی تێکەڵ و جوان دروست دەبوو . ژەنیارەکان خۆیان لەسەر ئەم شێوازە رادەهێنا بۆ ژەنینی موزیکی سەربازیی کە قەیسەرەکان پێویستیان پێیبوو ....

هونەرمەند میخائیل کلینکا ( 1804- 1857) دادەنرێت بە بنیاتنەری موزیکی رووسی، یەکەم موزیسیان بوو کە ئوپێرای روسی دانا لە ساڵی 1836، ناوی ( ژیان بۆ قەیسەر) یان ( بژی قەیسەر) Das Leben des Zarren بوو، ئیتر ئەمە دانرا بە سەرەتای سەرهەڵدانی شێوازی موزیکی رووسی..



هەر ئەم کەڵە پیاوە موزیکی رزگار کرد لە شێوازە کۆنەکانی سەدەی رۆمانتیك و گورانیە سلاڤیەکان و موزیکە سەربازیە سادەکان کە بە یەك ئامێر جێبەجێدەکران یان بە کۆمەڵە ئامێرێك، گورانیش یان تاکەکەس دەیبێژا یان بە کۆمەڵ جێبەجێدەکرا لە هەموو بۆنەو تەقسە دینییەکاندا، وێرای ئەمەیش ئوپێرای رووسی لە زەمانی کلینکادا گەشەی سەند بە گیانێکی میللیانەوە.

لەو هەڵسەنگاندنە هونەریانەی ناوەراستی سەدەی نوزدەهەم و دەرکەوتنی هەردوو موزیسیان هینسلت و فیلد A. Henselt and J. Field و گەلێك موزیسیانی رووسیش ئەزمون و تاقیکردنەوەی ئەوروپیان پێبوو، مامۆستای بەناوبانگی رووسیی (ئەنتۆنیۆ ڕۆبنشتاین) کە خاوەنیی چەندین ئاوازی لیریکیی بەناوبانگە و بووە راوێژکاری هونەریی لە کۆشکی بترسبۆرگ، بە هزریکی سەرکەوتوانەوە هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی پەیمانگا موزیکیەکان لە رووسیادا، کونسیرفاتوارێکی لە پەتروسبورگ و یەکێکی تریشی لە مۆسکۆ دامەزراند، لەسەر شێوەیەکی

ئەورووپیی پیشکەوتوو، ئەوە بوو بە چرایەك بۆ ئەو قۆناغەی موزیکی رووسیا. لەگەڵ ئەم هەوڵانەشدا لاوە هونەرمەندو دانەرەکان وێڵ بوون بە دوای موزیکی رووسیی ڕەسەن بەڕوخساریکی رۆژئاواییەوە.. ئەم دانەرانە بوونە بناغەی موزیکی روسی کلاسیکی زانستیی و ناودارترین دانەرانی موزیکی رووسی لەمێژوودا وەکو (بالاکیریف، کلینکا، رۆبشتاین، پرۆکۆفیف، سکریابین،



سیزارکوی، بورۆدین، کورساکۆف و مۆسۆرگیسکی) بەڵام هونەرمەند (چایکۆفیسکی‌لەو شێوازە تایبەتیەی خۆی لاینەدەیا و پەیوەست نەبوو بەو ستایڵە ئەوروپیانەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ببێت بە سەرتۆپکی گەش و دیاری موزیکی جیهانیی. پاش شۆرشی ئوکتوبەر 1917 مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە موزیکی ڕووسی خەسڵەتێکی سەیری وەرگرت. دانراوە موزیکیەکان بۆن و بەرامی سیاسیان بە بالأدا برابوو، ئەمەیش پاش بریاری پارتی کۆمونیستی رووسی ساڵی 1932- دوای ئەمەیش زور لە هونەرمەندان ئاوارەو دەربەدەربوون، شکستیان هێناو بوون بە پەنا بەر لە ئەوروپا و ئەمریکا.. نائومیدی رووی تێکردن چونکە نەیان دەتوانی بنوسن و رادەربڕن.. دیاردەیەکی سلبیی سەیر بوو لەو سەردەمەدا. موزیکی ئەم هونەرمەندە ئاوارانە هاو ئاهەنگ ئاوێتەی موزیکی جیهانی بووەوەو لەگەڵیدا تێکەڵ بوو. لە سەردەمی (ستالین) دا کە دەسەڵاتی بەرفراوان بوو بەسەر هەموو کاروباردا لە سۆڤیەت، دیکتاتۆریەتەکەی کاریگەریی خراپی کردە سەر موزیکی رووسی و بەمەش خەڵکیی دوورکەوتنەوە لە موزیکی ڕووسی . لینین دەیوت دەبێت هونەر لە پێناوی گەلدا بێت و لە خزمەتی پارتدا بێت.. لەم گۆڕانکاریی‌و دەستلێوەردانە سیاسیەدا تاقمێك لاو سەریان هەڵدا، لە سەدەی بیستەمدا لە یەکێتیی سوڤیەتدا هەنگاوی گەورەو پیشکەوتوو نرا لە بواری موزیکدا و بە توانایەکی ئەوروپیانە گوڕوو تینیان پێدا ..بۆنمونە هونەرمەندی بلیمەت مایسکو فیسکی Mayskowsky 1881- 1950 یەکێك بوو لەو دانەرە شۆڕشگێڕانەی کە کاردانەوەی هەستی نەتەوایەتیی لە بەرهەمەکانیدا بەدیی دەکرا، موزیکەکەی بزوتنەوەیەکی گەشاوە بوو کەوای کردبوو ببێتە پێشرەوی یەکەمی سیمفونیای سۆڤێتیی لەو سەردەمەدا.

ئەم دانەرە چوار سیمفونیی لە زەمانی قەیسەردا داناوە، بەوە سەلماندی کە هێزێکی گەورەی تێدایە، هەر بەردەوام بوو لەسەر بەرنامەکەی و ژمارەی سیمفۆنیەکانی گەیشتە 27 سیمفۆنی، جێگەی سەرنجی هەموو ڕەخنەگران بوو لە هەموو سوڤیەتدا، یەکێتی سوڤیەت ژمارەیەکی زۆر کەڵە موزیسیانی تیادروست بوو، لەسەروو ئەمانەشەوە دانەری ئەرمەنیی مەزن و بەناوبانگ ئارام خاچاتوریان 1901- 1977، هەر لەم کاروانەیدا

بەردەوام بوو بۆ ئەوەی پەیامی مرۆڤایەتی لەرێی هونەرەکەیەوە بگەیەنێت، لەو پێناوەدا کۆمەڵێك بەرهەمی زۆر سەرنجراکێش و رەنگاڵیی پێشکەش کرد.

لە لایەکی دیکەوە مامۆستای پایە بەرز دیمتری شۆستاکۆفیج 1904– 1975 لە دانانەو هەر لە منداڵیەوە بەهرەیەکی دیارو سەرکەوتوو بوو، کەسایەتیەکی بەرزی ناو موزیکی رووسیی بوو بە ئاستێك کە گەلێك سیمفۆنیاو کۆنچێرتۆ و ئوپێرای بەنرخ و نەمری بۆ هەموو جیهان جێهێشت.

**خوێندنەوەیەکی شیکاریانە بۆ هونەری باڵێ.**

هونەری باڵێ لە بنچینەدا لاسایی کردنەوەی سەماو هەڵپەرکێی کۆن بوو نمایش دەکرا لەبۆنە ئایینیە جیاجیاکاندا (پەرستگاو کەنیسەکان) ئەم هونەرە ناسکە لەو سەرەتایانەوە گوێزرایەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ تا پێشکەش بە جەماوەر بکرێت.. پێشتر سەما هەر خۆشیی و پیشاندانی تەکنیکە تازە و جوانەکان بوو بەڵام لە بۆنە ئایینیەکاندا، بۆ ئەوەی خواوەندی تووڕە ڕازی بکەن یان گوزارشت بکات لە ئاوات و هیوای زەق و نەشاراوەیان لەڕێی جوڵەوە . لەسەر هونەری باڵێ ووتوویانە: (...باڵێ زمانێکی تایبەتە، جووڵەی ریتمیی یان ئیقاعی بەکار دێنێت لەجیاتی ووشە و پەیڤ، بە تەکنیکی خامۆشی و بێدەنگی بیرو هزرو هەڵچونێکی قووڵ دەردەبڕێت...)

سەبارەت بەسەرەتای سەرهەڵدانی باڵێ دەڵێن کە: (..تەمەنی باڵێ هەر 500 ساڵێك دەبێت و لە ئیتاڵیاوە سەری هەڵداوە.. واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی سیانزەهەم.. ووشەی باڵێ لە زمانی ئیتاڵیەوە وەرگیراوە (بالۆ) کە بە واتای سەمایە.. کاتێك بالیە دەستی پێکرد یەکەم جار گۆرانی و ریتمی ئاوێتە بوو لەگەڵ نواندن و هۆنراوە خوێندنەوەو موزیك. ئەم هونەر قورخکرا بوو بۆ



شاهەنشاهان، کەس نەبوو بتوانێت لەو ئاپۆرەدا بێت بێجگە لە پیاو ماقوولان و میران، ئەوەی کە پێیدەوترێت خاوەن شان و شەکەوت...) سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ووشەی بالێ لە زمانی ئیتالیەوە وەرگیراوە، بە زمانی ئیتالی بالێتو Balleto بە واتای سەما یان هەڵپەرکێ دێت. بالێ شێوەیەکی هونەری ناسکە، لەو جوولانە پێکهاتووە کە کۆراڵی تراجیدی گریکیی نمایشیان دەکرد و هەروەها (بانتۆمایم)ی رۆمانییش لە سەدەی پانزەهەمیشدا لە گریك (ئیغریقیی)ش ئەو سەمایە هەبوو، بیرۆکە سەرەتاییەکەی لە ئیتاڵیاوە گەیشتە فەرەنسا، کاترن دیمەدیتشی خۆی بە کاروباری دەوڵەتەوە خەریك کرد بۆ ئەوەی کوڕەکانی بەوەوە خەریك بن.. چونکە لە تەلاری هەمایونیدا ئەم هونەرە لە فەرەنسادا بۆ رابواردن و خۆشیی بەکار دەهات کە دیاردەیەك بوو لە دیاردەکانی بەرزێتی و شکۆداریی.

**هەر لەسەر بالێ نووسیوتانەو دەڵێن:**

(..لەسەرەتای سەدەی شانزەهەم، فەرەنسیەکان ئەم هونەرەیان لە ئیتاڵیاوە قۆستەوە لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەی دەیان کردە سەر ناوچەی (لومباردی) سەر بە ئیتاڵیا (تۆرینو-میلانۆ-فینیسیا)و هەوڵیاندا مۆرکی خۆیانی پێوە بکەن...)لە ساڵی 1581 یشدا هونەری بالێ لە تەلاری فۆرسای (لە فەرەنسە) دەستی کرد بە نمایشکردنی بالێی کۆمیدیی ئەو شانشینە. خزمەتکارێکی ئیتاڵی بە ناوی (بلدا سارینۆ) لەم هەنگاوەدا بەهرەکەی دەرکەوت) کە بەهرەمەندێکی زۆر بە توانا بوو، دواتر بووە مامۆستای سەما.ئەم سەمایە کاتێك دەرکەوت کە شاژنی فەرەنسا دیتی یادی شوکردنی خوشکەکەی (مادموزێل دی فۆمۆ) بۆ (دۆق دی جوابیر) ببووژێنێتەوە، بۆ یەکەم جار بوو ئافرەت لەو سەمایەدا دەرکەوت.

هەروەها خانمانی هەمایۆن (بلاگ) بەشداریان دەکرد وەك دەستەی سەماکەران، بەهۆی لویسی چواردەهەمەوە ئەم هونەرە گەشەیکرد و چەندین شێوازی لێدروست بوو، لویس خۆیشی بەشداری لەم سەمایەدا دەکردو هانی پیاوانی ناوداریشی دەدا کە ئەوانیش بەشداری بکەن.

نوسەری ئیتالی (مۆلێر)یش یەکێك بوو لەوانەی گەلێك بابەتی دەنووسی بۆ ئەم هونەرەو راو بۆچوونی خۆی دەوت لە کاتی دەرهێنانی بالێدا.موزیسیانەکانی وەك (رامۆ) و (بۆتشام) و (لوللی) مامۆستا بوون لە تەلاری هەمایۆنیدا.. یەکەم قوتابخانە بۆ فێربوونی بالێ لە پاریس دامەرزا، دواتر لە ساڵی 1661 دا (ئەکادیمی نیشتیمانی بو سەماو موزیك پێکهات، ئەمیش بە هاندانی لویسی چواردەهەم بوو، ئیتر ئەمە بووە یەکەم مەڵبەندی ئوپێرای پاریس. ئاشکرایە کە هونەری بالێ پەیوەندییەکی توندو توڵی هەیە لەگەڵ جلوبەرگ و کالای پێویست.. پێشتر کالاو بەرگی تایبەت رەچاو نەدەکرا مەگەر لە سەمای (مەنەوێت)ی کلاسیکیدا نەبێت ئەویش بە شێوەیەکی سنووردار، لەبەرئەوە سەمایش دەرنەدەکەوت و دەرفەت نەبوو بۆ پێشاندانی بەهرەو لێهاتوویی لەم هونەرەدا.. قاچ و پێ شاراوەبوون و جوانیی و سیحری جووڵەکانیان دەرنەدەکەوت.. لەبەرئەوە سەمای فەرەنسی سەمایەکی وشك بوو. کەچی لە ئیتاڵیادا وانەبوو، سەماکەری سەمای (تارینتلا)ی دێرین پڕ بوو لە جم و جۆڵ و چالاکیی .

ئافرەتێکی سەما کەری بالێ (لاکماگۆ Lacmargo) ساڵی 1726 خۆی لەو کۆتە رزگار کرد، جل و بەرگێکی بەکار دەهێنا کورت بوون، لە

قولەپێوە بە چەند ئینجێك كورت كرابووەوە و جووڵەكان ئازاد بوون، كە ئەمە بۆ ئەوكاتە شتێكی نوێ و سەرنج راكێشبوو ئەمە بووە هۆی گۆڕانی ڕێڕەوی سەمای باڵێ.

((... لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم دا هونەری باڵێ ڕێڕەوی كۆنی خۆیی گۆڕی، سەماكەر جووڵەی لەشی ئازادكرد.. ڕووبەرێكی فراوانی شانۆ بۆ لەنجەولاری لاشە تەرخان كرابوو.. جل و بەرگی سووكەڵەو تەنك لەبەر دەكرا پێڵاوی پان لەپێ دەكرا، لەسەر نووكی پەنجە سەماكەران ڕادەوەستان.

هەموو توێژەرەوان لەو باوەڕەدان كە شۆڕشی فەرەنسا بووە بەهۆی چاكسازیەكی گەورە لە هونەری باڵێدا، مامۆستای باڵێ نۆڤێر Novear ڕێنمایی بە دەستنووس ئەدا بە خەڵك و دەیوت (سەمای چاكی باڵێ ئەو سەمایەیە كە وێنەیەكی ڕاستی سروشتی خەڵكی بێت، ئەو دەربڕینانە بگوێزرێنەوە بۆ گیانی خەڵكی و هەر بە چاو ببینن). دوای ئەم هونەرمەندە مامۆستای دیكەش دەركەوتن لەم بوارەدا وەكو ئەنگولینی Angolini و سەلڤاتۆر Salvatore و كارلۆ پلازیس Carlo Plazies .

جووڵەی ڕۆمانتیكی لە كاروان باڵێدا ڤاكتۆرێكی زاڵ بوو هەروەك بەشەكانی تری ژیان.هونەرمەند (گوتیە) وای لەم هونەرە كرد (خەرافات (ئەفسانە) ڕێك بخات، مامۆستای (باڵێ) یش تالیۆنی بۆچونەكانی گوتیەی سەپاند، كچەكەی كە ناوی (ماریا تالیۆنی) بوو، بە ئاوێنەی سەردەم ناو دەبراو دادەنرا بە (حۆریی باڵێ) نموونەیەك بوو بۆ بەرجەستەكردنی گیانی ڕۆمانتیكیی . ڕوسیای كۆن ئەم هونەرەی هێنایە بەر، لە سەردەمی ئەسكەندەردا چاودێری دەكرا، هەندێك نەریتی كۆنی لەناوبرد وەك ڕیش هێشتنەوە، بۆ ئەوەی پیاوان لەگەڵ ئافرەتاندا سەما بكەن. ئیتر ڕووسیا ناوبانگێكی بەرزی هەبوو لە هونەری باڵێ و پێشكەوتنیدا، تەنانەت لە ڕووسیادا پەیمانگایەك كرایەوە بۆ گۆرانی، ئەو كاتەی پەتروسی گەورە هاتە سەر تەخت دەسەلأت لە (پیاوانی ئایینی) سەندرایەوە، كۆت و بەندی كەنیسە پچڕا، موزیك ئازاد بوو، كە پێشتر هەر لە ستایشە ئایینیەكاندا بەكاردەهات لە كەنیسەدا.گۆرانی بە گۆرانی دەوترا گوزارشتی لە دەوروبەرو ژینگەی ڕووسی دەكرد. پەتروسی گەورە لەسەر ئەركی دەوڵەت یەكەم شانۆی ڕووسیی بنیات نا . لە گۆڕەپانی سوور- الساحه الحمرا ء- كە بوو بە مەڵبەندێكی گرنگ بۆ موزیسیانە بێگانەكانی ئینگلیزو ئیتاڵیا. زۆری پێنەچوو كە شابانو (امپراتوره) ئان Ann ئەكادیمیەكی دامەزران كە هەتا ئێستاش ماوە.

لە زەمانی كاترینای مەزن دا، باڵێی ڕووسی گەیشتە ئەوپەڕی قۆناغی گۆڕانكاری تا ئەم هونەرە بتوانێت بنیات بنرێت و توانای بسەلمێنێت .هەر كاترینا بوو بانگی هەردوو هونەرمەند (لوییك و



ئەلگۆلینی)ی كرد بۆ دەرهێنانی باڵێیەك بۆ هەمایۆنی ڕووسی، ئەم باڵێیە بوو بە نموونەیەك بەسەر زمانی هاووڵاتیانەوە.

بەوجۆرە موزیکی رووسی ڕێچکەی خۆی گرت بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن بەلاّم بە ئاڕاستەیەکی سیاسیانە لە هەمایۆنی ڕووسیدا. هەر لەو هەمایۆنەدا سەرپەرشتی و کارگێڕیی هونەریی دەکرا بە سەماو موزیك و نواندنەوە.هەر ئەو موزیکە لە هەمایۆنەوە گەیشتە چینی ئەرستوکرات، چونکە پیاوانی نوبلّ و ئەشراف ئەوانیش بۆ خۆیان تیپی جیای بالێیان دادەمەزراند. ئەم پیاوانە زۆر پشتیان بەو کۆیلانە بەستبوو کەلە شکارتەو کێڵگەو دێبەرەکاندا ئیشیان دەکرد بوو، ئەم پیاوە گەورانە کاتی بەتاڵیان هەبوو تەرخانیان کردبوو بۆ ئەو جۆرە کارانە.. بەو جۆرە لەم ڕێرەوەدا شانۆی ڕەسەنی ڕووسی ڕەگی خۆی داکوتا، هونەری بالێ وای لێهات ببێت بە بەشێك لە جەماوەرو بەبالاّیاندا بڕا، تەنیا بۆ گەمەو ڕابواردن نەبوو. خەڵکی دێهاتیی بە سروشتی خۆیان حەز بە واقع دەکەن، هونەری بالێیش نزیکترین هونەرە لەخەڵکی لادێوە، ئەم واقیعەتە لە هەڕەتی ڕۆمانتیکیدا بەر چاو کەوت وەك هونەرێکی بەرزو ناسك خاوەن زمانێکی ئەوتۆ بتوانێت گوزارشت لە سروشت و لە مرۆڤ بکات . لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەهەم گۆڕانکاریەکی بەرچاو بەسەر بالێ داهات شانبەشانی هونەری موزیکی نیشتیمانی و بە تایبەت ریتمی فۆلکلۆریی، هەروەها داڕشتنی ئاوازی ڕۆمانتێکی و هۆنراوەی سیمفۆنیی کە پەیوەستە بە بابەتێك (وەك ئەوەی بڵێن هۆنراوەیەکە موزیك دەیخوێنێتەوە بە فۆرمێکی تایبەتیی).. ئەمانە هەموو لە هونەری سەمای فولکلۆری و بالێدا بە جوانی دەرکەوت..

دواجار ئەوەی گرنگە بوترێت، موزیکی رووسی بەگشتیی لە دوای گەشەکردنی شێوازەکەی کاریگەریی فۆرمی ئاوازدانانی لەسەر هەموو جیهان دروستکردو ولاّتانی ئەوروپا ئەو ڕێچکەیەیان گرتە بەر، تەنانەت نەتەوەکانی رۆژهەلاّتیش لە بەرهەمە زانستیەکاندا پەی بە موزیکی رووسی دەبەن، چونکە موزیکی رووسی دەروازەیەك بوو بۆ بەزانستیکردنی موزیك و گۆرانیی کەلەپوریی و بەکارهێنانی لە قاڵبەکانی موزیکی ئۆرکێسترای سیمفۆنیدا، وێڕای ئەوەش موزیکی میللەتانی رۆژهەلاّت بە موزیکێکی میلۆدیی ناسراوە و نزیکایەتیی زۆر هەیە بۆ بەکارهێنانی شێوازی بنیات نانی زانستیی بە ستایڵی موزیکی رووسیی ....